# ڕۆژێک دابنرێت بۆگەندەلی لەئیدارەی کوردوستان بوترێ نامانەوێ گەندەلی با پاک بێ کوردوستان لە جاش و بەعسی ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

لەوڕۆژی کورد بوو بەخاوەن دەسەلات لەکوردوستان وئیدارەی کوردی دامەزراو پەرلەمان هەلبژێرا و هەموو سوێندی یاسایان خوارد بۆ دەست بەکار بونیان لەکارەکانیان بۆئەوەی بەهەموو تواناێەکیانەوە خزمەتی کوردوستان بکەن و وەفاداربن بۆ خوێنی شەهیدان، بەلام هیچ کوردوستانیەك ئەوسوێندی یاساییەی نەدی بۆئەوەی بزانرێ چی نوسراوە. وەهیچان ئاشکرایان نەکرد بۆئەوەی هەرچۆنێ کار بکەن تاوان بارنەبن بەرامبەر ئەو سوێن خواردنە وەکەسیش ئەو کتێبەی نەدی بوو کەخۆیان لێپرسراوان خستبویانە ناو قوماشێکی سەوزەوە بۆئەوەی هەمووکەسێك بزانێ ئەمە سوێن خواردنی یاسای یەو ئەوەی ناو ئە قوماشە سەوزە قورئانی پیرۆزە بەلام وادەرکەوت سوێند خواردنەکەیان بەشێوەیەکی تربوە لەباتی ئەوەی بلێن (سوێند ئەخۆم کە دلسۆز بم بۆ خاك و نیشتمانەکەم وخوێنی شەهیدان وەلەسەرئەورێگایە کاربکەم کە شەهیدان لەپێناویا ژیانیان بەخشی) زۆریان بەم جۆرە سوێندیان خوارد (سوێند ئەخۆم کە هەتامابم لەم کارەدا هیچ دلسۆزیەکم نەبێ بۆ خاك ونیشتمان و شەهیدان وهەول بدەم هەتا لەکاردابم ئەوی ئەمەوێ ئەنجامی بدەم وەببمە خاوەن زۆرترین سامان وەپێنوس نەخەمە سەر کاغەز بۆ هیچ داواکاریەکی کوردوستانیان بە کەسوکاری شەهیدانیشەوە) وەهیچ کەسێك لەکەنالە کوردیەکانەوە ئەوسوێندی یاساییەیان نەدی تابزانن چۆنە. هەروەك بەرێز دکتۆر بەرهەم سالح دلسۆز بەخاك ونیشتمان و خوێنی شەهیدان

لەکاتی سوێن خواردنی دا بۆ ئەو پۆستەی پێی درابوو لە لەئیدارەی بەناو عێراقی فیدرالی بەدەنگێکی بەرزەوە ئەوسوێندەی خوارد کە سود بەخش بوو بۆکوردوستان. وەئەوەی لەتوانایابوو هەولی ئەدا بۆ داواکاریەکانی کوردوستانیان وەباشترین بەلگەش ئەو پاریەبوو کە تەرخانی کرد بۆ شاری کەرکوك

کە پێی ئەلێن (دل و قودسی) کوردوستان لەکاتی پێویست دا. بەلام ئەوانەی دەسەلات داربوون لەبەر کاری بیری تەسکی حزبایەتی هیچ پشت گیریەکیان نەبەبوو بۆ ئەوکارانەی بەرێز دکتۆر بەرهەم سالح..

وەلەهەموو کۆڕێك وکۆبونەوەیەك دا هەموئەندامانی پارتی و یەکێتی لەگەل هەردوو بەرێز مام جەلال وکاك مەسعودیش باسی لەگەندەلی ئەکەن وەپەیمانی چارە سەرکردن ئەدەن بۆئەو نەخۆشیەی هەیە لەناو ئیدارەی کوردی دا (نەخۆشی گەندەلی) بەلام بێ سودە لەبەرئەوەی ئەبێ هەموویان بەیەکەوە دەست لەکارەکانیان بکێشنەوە و کوردوستان بەجێ بهێلن وئیدارە بسپێرن بە کوردوستانیان وەئەمەش هەتا ئیدارەی کوردوستان بەدەست ئەو دوو پارتەوەبێ ئەم کارە ناکرێ.وەلەبەر زۆری هەول دان و پێش برکێ کردن لەگەل یەکتری دابۆ کۆکردنەوەی سامان کەس نەتوانن شان بدات لەشانیان چونکە ئەوان خێراتر لەدەنگ هەول ئەدەن بۆ ئەنجام دانی کارەکانی خۆیان. وەك یەکێك لە لێپرسراوان لەدانیشتنێکی دوور لەمرۆڤایەتی دوای سەر گەرم بوون فەرموویەتی ئەوەندەم هەیەنازانم چی لێ بکەم هەرچی نیاز و داواکاریەکم هەبوو هاتەدی ئەوسا هەر با وی عانە بوو ئێستا ئەبینن گەلا (واتە 100دۆلاری) فرێ ئەدەم بەسەر ئەو فریشتانەی ئەم شەو خزمەتمان

ئەكەن و بەیانیش مۆلەتیان پێ ئەدەم؟ بەراستی دلم نایەت ئەم جێگا و نعمەتە بدەمە دەست یەكێكی تر وەهیچ كەسێكیش نیە بتوانێ پێم بلێ ئەوەچی ئەكەیت

چونكە خۆشی هەمان كاری منی هەیە. لەبەر ئەوەیە كاتی ئەوەهاتوە كوردوستانیان و دلسۆزان بە خاك وخوێنی شەهیدان بەیەك دەنگ و بەنوسین داوا لەسەرجەم دانیشتوانی كوردوستان بكەن بۆئەوەی ڕۆژێك دابنرێ بۆ خۆپیشان دان لەسەرجەم كوردوستان دا وەهەمان رۆژیش كۆر بگیرێ لەدەرەوەی كوردوستان بۆ چارەسەركردنی گەندەلی و پاك سازی لە جاش و موستەشارو بەعسیەكان لەئیدارەی كوردوستان بەو شێوەیە نەبێت زۆر كوردوستانی گیان لەدەست ئەدات وهەندێ بێ سەرو شوێن ئەكرێ بەدەستی لێپرساوان وە چارەسەری كێشەكەش ناكرێ، وەبەلگەش بۆ ئەم كارانە خۆپێشان دانەكانی ((كەلار، بادینان، رانیە، هەلەبجە و زۆر شارۆچكەی دی كە)) وەنوسراو بەرزكرێتەوە تیا نوسرابێ ((((نامانەوێ گەندەلی با پاك بێ كوردوستان لە جاش و كۆنەبەعسی)))))